ڕەفیق سابیر

# وەرزی سەهۆڵبەندان

III

لە تاریکیی ئەم شەوەدا
چرایەک بە لقی شەودا هەڵدەواسم
ئەستێرەیەک دەچنمەوە
لە نێو دڵدا پەنای دەدەم.
لەبەر چۆڕاوگەی ئەڤیندا
گوناهە مێژووییەکانم دەشۆمەوە
- بەسەر ئەم شەوەدا مەڕۆ!
- لە گۆلاوی نامۆییدا نقووم دەبیت
بەسەر ئەم هەڵمەدا مەڕۆ!
- لە نێو کۆلانی پایزدا عاسێ دەبیت.
- ئەمە هەڵدێری سووتانە، نیشتمانی ئەڤین نییە
- کەپری خۆڵە
دورگەی هەرەس و گومانە.

لە پێشوازیتدا وەستاوم
وەکو تەرمێک چاوەڕوانی تاتەشۆر و کفن بکات.
گومان هەراسانم دەکات
تاریکایی هەڵم دەکات
ڕوخساری لە تەم گیراوم
وەک ولاتێکی بندەستە و بەخۆ نامۆ
دەبێتە مێرگی ونبوون و
ژان و
چەقۆ.

لە پێشوازیتدا وەستاوم
نهێنی داگیرم دەکات
تاریکایی هەڵم دەکات.

شازادە لە نێو وەنەوزدا چاو هەڵدێنێت
لەبەر ئاوێنەی سەهۆڵدا
شاکەزیی خۆی بە شانەی باران دادێنێت.
سێوەخانی!
ئەمشەو لە گەردوونی چاوتا لەنگەر دەگرم
هاتووم لە ماچانت بگرم
سێوەخانێ!
ئەمشەو بروسکە زین دەکەم، هەڵت دەگرم.

بەسەر شانی دارستاندا سەردەکەوم
چرایەک بە لقی شەودا هەڵدەواسم
لە نێوانی دوو لوتکەدا
هەورێک دەکەم بە جۆلانە
تاوڵێکی بێ خاک و ئەستوند،
ئەشکەوتێک
پەنا دەوەنێک بە هێلانە.

بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ!
بە شەوی باوبۆرانێ
ناگەمەوە کوردستانێ!
- دوو دڵداری بێ وڵات
چەپەری چەقۆ دەبڕن
دوو دڵداری یاخی و لات
لاوکی مەحاڵ دەچڕن
دوو دڵداری ڕۆژهەڵات

ئاڵای برین هەڵدەبڕن
سەر بە جەنگەڵ دەکەن و
ئێشک لە گەردوون دەگرن
دوو دڵداری بێ وڵات
دوو دڵداری
یاخی و
لات.

وەک ئەسپێکی باڵگرتوو بە وڵاتێکدا ڕادەکەین
کە وڵاتی ئێمە نییە
بەسەر کرێوە و ونبووندا هەنگاو دەنێین
ئەستێرەیەک لە نێو دڵدا حەشار دەدەین
چرایەک بە لقی خەونا
گۆرانییەک بە با لای قووچی ئاسۆدا هەڵدەواسین.

ڕەهێڵە ئادگاری کاڵم دەسڕێتەوە
ڕێگایەکان وەک دەلیلێکی نابەڵەد ونم دەکەن
سنوورەکان وەکو گەلەگورگی برسی تێم دەئاڵێن
پاڵ دەخەن لەسەر تاتەشۆری پشکۆ
لە پاشکۆی زیلم دەبەستن
بەرەو بیابانی چەقۆ.
بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ؟
ئەم ڕۆژگارە :
" نە جێی فیرارانە
نە جێی ژنهەڵگرانە
نە جێی خۆشمێرانە" "1"

سەرداری ڕۆحە شێتەکەم
بۆ کوێت بەرم؟

**ئەم کەرنەڤاڵی کوشتنە**
**بۆ ئێمەیە؟**
**ئەم هەموو پەتە زبرانە**
**بۆ گەردنی سەد جار ڕوشاوی ئێمەیە؟**
**بۆ کوێت بەرم؟ بۆ کوێت بەرم؟**
**ئەمە کولەکەی ڕۆحەکەم بیشکێنە!**
**ئەمە دڵە ناسۆرەکەم.**.... .......
**چۆن ئەم دڵەت بۆ بنێرم؟**
**چۆن بەناو سەگی سنوور و**
**مین و**
**کەمین و**
**تەلبەندا دەربازی کەم؟**
**بە کام قاسیدی بسپێرم؟**
**چۆن ئەم دڵەت بۆ بنێرم؟**

**شازادە لە نێو وەنەوزدا چاو هەڵدێنێت**
**شازادە لانکەی داهاتوو ڕادەژێنێت.**
**دەزانم گیانە دەزانم**
**خۆشەویستیت تەوقی ئەبەدی گەردنە**
**خۆشەویستیت سووتانە**
**داگیرکردنە**
**بێ تۆیش سەرداری ڕۆحەکەم**
**ژیان مەنفا و**
**مەنفایش تونێڵی مردنە.**

**لەیلام لەشکری تەتارە!**
**لەشکری بەربەریستانەی عەرەب و تورک و قاجارە**
**لە نێو گەردی سەدەکاندا ونم دەکات**
**کودێتا و بومەلەرزەیە**

وڵاتی ڕۆح وێران دەکات.
لەیلام خەونێکی لاسارە
بەرەو ڕێی مەحاڵم دەبات.
دەزانم
گیانە
دەزانم.
..............
..............
لە تاریکیی ئەم شەوەدا
چرایەک بە لقی خەونا هەڵدەواسم
سەری ماندووم لە نێوانی دوو شەپۆلدا حەشار دەدەم.
جارێکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە
جارێکی دی
گومان داگیری کردەوە
لە نێوان کانی و سەرابدا
سەری بە دارستان کرد و
قۆڵەکانی بەسەر مەحاڵ و مێژوودا شۆڕ کردەوە.

IV

بەرەو سنوورەکان دەڕۆم
تاڵەخوێنێک
وەکو مار بە دوامدا دەکشێت،
پەڵەهەورێک
لە پێیەکانم دەئاڵێت.
بەرەو سنوورەکان دەڕۆم
بالام لەسەر دارەبەنێک هەڵدەکۆڵم
ڕۆحم لەسەر زنارێک.

لە کوێڕا تێ هەڵچینەوە؟
دەبێت چەند جەنگەڵ و لوتکە و سنوور ببڕین
تا ئەم ئاسمانە لە پێستمان بکەینەوە؟
دەبێت چەند جار لە کوژراندا ڕابینەوە
تا شوێنەواری ونبوون و
ڕمب و
مەنفا
شوێنەواری قامچی و زنجیر بسڕینەوە؟

لە بیابانێکی تەنگدا سەرابێک پەلکێشی کردم
جۆگەلەی لم ڕژایە ژووری دڵمەوە
تینوێتی ڕێی لێ ونکردم.
لێمگەڕێ با لە پەنای ئەم کەلاوەڕا
پەڵەهەورێک بەرەو ئەودیو تل کەمەوە
با سەرەتایەک بۆ برین
مانایەک بۆ دادپەروەری بدۆزمەوە.
پاڵمان بە گزنگەوە دا
شەپۆلی گەرد ونی کردین
پاڵمان بە دوکەڵەوە دا
گژەبا داگیری کردین!
بۆ تەمەنمان تەنیا ماف زەوتکردنە؟
خەوبینینی بەردەم پەتی سێدارەیە
ساتی چاوەڕێکردنی دەستڕێژ و کەوڵکردنە!
با ئەم تەمەنە گوشراوە لە نێو خوناودا بچێنین!
ڕۆژەکانمان
لە نێو ونبووندا هەڵکەین و
ڕۆح بە ژیلەمۆ بچوێنین
با ئەم تەمەنە دۆشراوە ساتێک بە گەرداو بچوێنین!

بەسەر مەرگ و تەرمی خۆمدا هەنگاو دەنێم
سێبەرەکەم
رێم پێ دەگرێت،
تاڵەخوێنێک
مارئاسا بە دوامدا دەکشێت
لە پاڵ بناری ئاگردا پشتم لەگەڵ تاشەبەردێک جووت دەکەم و
چاو دەبڕمە ئەو ئاسۆیەی بۆنی تۆی لێ دێت.
بروسکەیەک درزێک دەخاتە ئاسمان و لەسەرڕا
ئاسۆ دەقڵێشێت
وێنەی منداڵێکی تۆقیو سەرم بە کۆشت دەکەم و
ڕوخساری زەردهەڵگەڕاوم بە شاکەزی باراناویت دادەپۆشم.

چۆن بەم کوژرانە ڕازی بووین؟
لە دوای خۆمان شوێنەوارێکمان جێ نەهێشت لەسەر کێڵگەی ئەم بارانە
شەتڵێک گۆرانیمان نەچاند،
کەپرێکمان نەکرد بە نسێی ئەم سووتانە
تەلبەندێک بە پاسەوان و هاودەمی ئەم گۆڕستانە.

چۆن بەم سووتانە ڕازی بووین؟
لە دوای خۆمان هاوارێکمان لەسەر لوتکە نەکرد بە ئاڵا و نیشانە،
مانگ بە شایەتی زەمانە
چۆن بەم کوژرانە ڕازی بووین؟
چۆن بەم سووتانە ڕازی بووین؟ 2

لەیلام لە وێرانەی ڕۆحدا شەتڵەکان ئاوڕشێن دەکات
تەمی سەر پەنجەرەی دڵ و

ترسی سەر ڕووم دەسڕێتەوە
تەمەن بە گڕ پەرژین دەکات.
تۆ هەر ەرداری ئەم ڕۆحە داگیرساوەیت
بەستەی ئەم گەرووە نووساوەیت
تۆ هەر خەونە لاسارەکەی
ئەم شاعیرە ڕاونراوەیت
تۆ هەر سەرداری ئەم ڕۆحە هەڵواسراوەیت.

وەکو ئەسپێکی باڵگرتوو بە وڵاتێکدا ڕادەکەین
کە وڵاتی ئێمە نییە
لە نێوانی دوو لوتکەدا
هەورێک دەکەین بە جۆلانە
تاوڵێکی بێ ئەستوند و خاک
ئەشکەوتێک
پەنا دەوەنێک بە هێلانە.
وێنەی ئەسپێکی باڵگرتوو لەبەر باراندا ڕادەکەین.
بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ؟
بە شەوی باوو بۆرانێ
ناگەمەوە کوردستانێ!

لە کوێرا تێهەڵچینەوە؟
چەند جاری دی داستانی جوانەمەرگیمان بچڕینەوە؟
تا ئاسمان لە نیگا و پێستمان
خوێن لە لۆکە
پەت لە گەردن
تەم لە لوتکە
چەقۆ لە زام بکەینەوە!
چەند جاری دی بە بروسکەدا سەرکەوین

به سووتاندا بێینه خوارێ؟
باڵامان لەسەر دارەبەن هەڵکۆڵین و
گەرووومان لەسەر هاوارێ؟
چەند جاری دی لە کەرنەڤاڵی هەرەسدا ڕابینەوە؟
چەند جاری دی بە سەر ڕێگای سەربڕیندا بچینەوە؟

کە چووینە ژێر ئەم کەپرەوە
هێشتا مێژوو سەرابێک بوو ئاشقانی خۆی وندەکرد.
کە چووینە ژێر ئەم هەورەوە
هێشتا مێژوو بارانێک بوو بەسەر زۆنگاودا دای دەکرد
یان نۆکەرێکی خەسیو بوو
گەمەی لەگەڵ لەشولاری شاژن دەکرد
هێشتا مێژوو جەنگەڵێک بوو....
..........................
.......................
هێشتا مێژوو چڵکی دەست بوو
مێژوو بیژووی سیاسەت بوو
هێشتا مێژوو.....

لە پاڵ ئەم هەڵەموتەدا
بە سەر کرێوە و زناردا هەنگاو دەنێم
لەسەر لەپی دەستەکانم نهێنی خۆی دەکاتەوە
بروسکەیەک تەڕم دەکات
دەمکات بە نسێی بیابان
ڕەشبگیری هەڵم دەکات
بە زەبری شەق دەمکات بە: چەتە
گۆڕهەڵکەن
ڕێگر

**حوشترخۆرکە**

**زێوان**

**یاخی**

**کەنناس**

**تورکی کێوی**

**حەمباڵ**

**پیاوکوژ**

**گورگ...هتد**

**دەمکات بە هاوجووتی تاوان!**

**ـ ئەمانە کێن بەم ناوەختە**

**خەو لە چاوی ئاوایی و منداڵان دەدزن؟**

**+ "بەربەریستانن بۆ دوانوێژ خڕ بوونەوە**

**بەدوەکانن بە زەبری شمشێر خزاونە ئاواییەوە" "2"**

**ـ ئەمانە چین؟ کام دڕندە و جانەوەرن**

**کۆرپە لە ئامێزی دایک و**

**ماچ لە لێوی دڵدار دەدزن؟**

**+ شڕەخۆر و**

**شاقەلشۆڕ و**

**تەپلەسوور و**

**قەرەپەپاخن سەرلەنوێ**

**بە قەڵغان و شمشێرەوە**

**پێش دەرگایان پێ گرتووین و**

**بۆ باج و**

**زەکات و**

**تاڵان هاتوونەوە**

**بەدوەکانن شاکچانمان زەوت دەکەن**

**بەربەریستانن بۆ دوانوێژ**

**خڕ بوونەوە.**

ڕەهێڵە ئادگاری کاڵم دەسڕێتەوە
هاڵاوی خوێن هەڵمدەگرێت
نیگاکانم دەچنێتەوە.
لە بناری گومان و بێئارامیدا
سەر بە لقی گڕ دەکەم و
خۆم بە تەرزە دادەپۆشم.
بۆ تا ئێستایش
ئایندە و سەروەریی خۆتان لە هەڵواسینما دەبینن؟
بۆ تا ئێستایش
شارستانی و مێژووی خۆتان لە دیلیەتیما دەبینن؟
بۆ تا ئێستایش
ڕەوشتی دۆڕاوی خۆتان لە سەربڕینما دەبینن؟
بۆ تا ئێستایش؟

لە کوێڕا تێ هەڵچینەوە؟
چەند جاری دی
داستانی جوانەمەرگیمان بچڕینەوە؟
چەند جاری دی لە کوژراندا ڕابینەوە
تا شوێنەواری ونبوون و
شوێنەواری بەربەریستان بسڕینەوە؟
لە کوێڕا تێ هەڵچینەوە؟

ئێوارەبوو
کاتێک هاتین ئەم زەمانە لە جەنگەڵدا داگیرسا بوو
ئەم زەمانە بەسەر کێل و منارەدا هەڵواسرا بوو
کاتێک هاتین ئەم زەمانە قامچی دەستی زۆرداران بوو
کاڵای بازاڕی سەرمایە و
دەستکەلای دەستی تاوان بوو

کاتێک هاتین
ئێوارە بوو.

لە بیابانێکی تەنگدا سەرابێک پەلکێشی کردم
جۆگەلەی لم ڕژایە ناخی دڵمەوە
تینوێتی داگیری کردم.
ـ کاکە* چەکەکەت لە شان کە!
ـ کاکە بروسکە لە شان کە!
ئاوازێک لەو بنارەڕا بە هێمنی بەسەر ڕۆحدا دێتە خوارێ.
ئاوازێک چاڵایی و لۆچی ڕوخسارم پڕ دەکاتەوە.
مووە سپییەکانی سەرم سەر لەنوێ ڕەش دەکاتەوە.
دەمکات بە ئاشق، بە منداڵ لە باوەشی ونبووی دایکمدا
تاوێک گەرمم دەکاتەوە.
کە لە دایک بوو
دایە ڕووتێتیی کردە بەر کۆرپەی
مەمکی برسێتیی نایە دەم کۆرپەی.
بەسەر پێیان کەوت
دایە پێخاوسیی کردە پێی کۆرپەی.

لە شەودا مەوداکان دەنوون
سنوورەکان دەتوێنەوە.
لە پاڵ ئەم هەڵەمووتەدا
بەسەر مەرگ و تەرمی خۆمدا هەنگاو دەنێم
ئەستێرەیەک دەچنمەوە لە ناو دڵدا پەنای دەدەم
لە کەرنەڤاڵی سووتاندا ڕێژنە هەڵم دەکاتەوە
مەنفام لە بیر دەباتەوە
بەرەو بەردەقارەمان و
سلێمانی و
مهاباد و

گۆمی وان و
کەلاوەکانی قەڵادزێم دەباتەوە
ڕێژنە هەڵم دەکاتەوە
قۆڵەکانم دەکات بە کەپری تورەیی،
بە بروسکە دەمشواتەوە.
کاکە چەکەکەت لە شان کە!
مێژوو، شارستانی جەنگەڵ، بیابان، تۆرانیزم، عروبە، پانئێرانیزم، سنوور،
پۆلیس، پترۆدۆلار، زەمانە گوللەباران کە!
کاکە چەکەکەت لە شان کە!
لە جەنگەڵدا
بە خوێن مەسڵەتی خوێن دەکرێت
لە جەنگەڵدا
بە زەبری چەک، مەچەک
بە لۆژیکی جەنگەڵ هەق دەستێندرێت.
کاکە چەکەکەت...
کاکە!